# سروودێك بۆ هەولێر

كاوەی خەسرەو كاوانی

بـۆنت تێـكەڵ بــە بـۆنی نیشتیمانمە
سەربەرزی تــۆ هیوای ژیـن و ژیانمە
خەم رەوێن و شاری پیرۆزی كوردستان
كوڕی مێژوو , خۆشەویستی هەموو هەستان
((دڵم لەگەڵ خۆشەویستی تـۆ لێ دەدا))
(( ووشەی ناوت تەزووی پڕ خۆشیم پێ دەدا))
ئەی هەولێری پــیرە قەلا , بــەرزە منارە
بینینی تــۆ بـۆ من نــەمانی ئازارە
تۆ ئـەربل و ئــەربەئیــلۆ و خۆرلێری
شاری هــۆلاكۆ بــەزێنی , تــۆ هەولێری
((دڵم لەگەڵ خۆشەویستی تــۆ لێ دەدا))
(( ووشەی ناوت تەزووی پڕ خۆشیم پێ دەدا))
مێــژوو دەڕوا تـــۆ هــەولێری خۆڕاگری
بــەرامبەر بــە دووژمنان گوڕزی ئــاگری
تــا پــیر دەبی جوانتر دەنوێنێ رووخسارت
رۆحم فیدای دەشت و پێ دەشت و ناوشارت
(( دڵم لەگەڵ خۆشەویستی تــۆ لێ دەدا))
(( ووشەی ناوت تەزووی پڕ خۆشیم پێ دەدا))
گوڵی هەمیشە بــەهاری گولــستــانی
بــۆ ئــازیزان لانەو نەوای بێ كەسانی
تــۆ بــارانی خۆشەویستی و میهرو وەفای
لادەری ئەشكنجەو خەمی دڵەی تەنیای

((دڵم لەگەڵ خۆشەویستی تــۆ لێ دەدا))
(( ووشەی ناوت تەزووی پڕ خۆشیم پێ دەدا))
ئــــەو ساتانەی بە عیشقی تۆوە بەستراون
لەیــاد ناچن , لەگەڵ تـــەمەن تێكەلاْون
نەك بــە لێوم , بــە رۆح خاكت رادەمووسم
مەرەكەب نــا , بــە خوێنم ناوت دەنووسم ,

(( دڵم   لەگەڵ  خۆشەویستی  تــۆ لێ دەدا))

((  ووشەی ناوت تەزووی پڕ خۆشیم پێ دەدا))